# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

(6)

**بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و جێگا و نەخشی ژنان لە شوراکاندا**

بزووتنەوەی شورایی مانگی ئازاری 1991 دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەبوو. یەکەمیان ڕاوەستان بوو بەرامبەر بەناسیۆنالیزمی کوردو حزبەکانی و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لەم بزووتنەوە کۆنەپەرستەی کە ساڵەها بوو خۆی سەپاندبوو بەسەر بیرو هۆش و هەموو هەوڵ و کۆششێکی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستاندا...... وە دووەمیان ڕاوەستانی ئەم بزووتنەوەیە بوولەدژی کۆنەپەرستی مەزهەبی و پیاوسالاری ، بەتایبەت لەمەیدانی دیفاع کردن لە مافەکانی ژنان و ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان، بەم شێوەیەش سەرەتاکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە ناودڵی شوراکاندا سەری هەڵداو گەشەی کرد. لەپاڵ بەرامبەرکێ لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد، مەیدانێکی گرنگی بەرامبەرکێی کۆمەڵایەتی شوراکان لەگەڵ بزووتنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی و بیروباوەڕی کۆنەپەرست و دواکەوتووی کۆمەڵگا بوو، دروشمی جیایی دین لە دەوڵەت و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان وە دیفاع کردن لە مافەکانی ژنان و وەستانەوە بەرامبەر کۆنەپەرستی دینی و پیاوسالاری لە دروشمە سەرەکییەکانی شوراکانی مانگی ئازاری 1991 بوو.... ئەم تایبەتمەندییانەی بزووتنەوەی شورایی بەتوندی کاریگەری لەسەر هەنگاوەکانی دواتری بزووتنەوەی کرێکاری و مۆدێرنیزم و یەکسانیخوازی کۆمەڵگا داناوتا ئێستاش تایبەتمەندی گرنگی بزووتنەوەکە پێکدەهێنن. لەکاتێکدا لەجەرگەی ڕووداوەکانی عێراق و کوردستاندا ناسیۆنالیزمی کوردو بزووتنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی خەریکی نقوم کردنی کۆمەڵگا بوون لە کۆنەپەرستیدا، وە لەکاتێکدا حزبەکانی ئەم بزووتنەوانە پێشبڕکێیان بوو لەسەر پڕکردنەوەی لیستی تیرۆرکردنی زۆرترین ژمارەی ژنان....شوراکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستان زۆرترین بواریان خولقاند بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و بۆ پشتیوانیکردن لە یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان، وە بۆ وەستانەوە لە دژی بێمافی و سەرکوتی ژنان. بەشداری فراوانی ژنان لە کۆبونەوە گشتییەکان و دەرکەوتنی دەیان هەڵسوراو و قسەکەری ژنان نمونەیەکی بەرجەستەی شوراکان بوو.

کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەیشورایی، تێدەکۆشان بۆئەوەی پێکهاتنی شوراکان و بزووتنەوەی شورایی بکەنە مەیدانێك بۆ هاتنە مەیدانی بەرینیژنان، وە مەیدانێك بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری بەرینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش بۆ مافە مەدەنی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی ژنان، بۆ ئازادی و یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان لەگەڵ پیاواندا، لەم ڕێگایەوە دەیانویست شوراکان بکەنە ئامرازێك بۆ سەپاندنی گشت داواکاری و مافەکانی ژنان و کۆتایی هێنان بە پلە دوویی و بێمافی ژنان لەهەموو ئاستەکاندا.

لەم پێناوەدا هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شورایی ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەیان بڵاوکردەوەو شوراکان وەکو بەیاننامەی خۆیان پشتیوانییان لێ کرد:

## داواکارییەکانی ئێمە کرێکاران و هەموو ئافرەتان و پیاوانی کۆمۆنیست بۆ دابینکردنی مافەکانی ئافرەتان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ئافرەتـان لـە هەڵبـژاردنی هاوسـەرییاندا ئـازادن. زەواج ئیشـێکی دڵخـوازە، معامەلـەکردن لەسـەر زەواج بەهـەر بیانوویـەك بێـت قەدەغەیـە. بـۆ بەڕەسمیناسـینی زەواج تـەنیا زەواجـی مـەدەنی پێویسـتە، یـانی تۆمـارکردنی لـە دەفتەرێکی ڕەسمیداو بەبێ بەڕێوەبردنی هیچ ڕەسمو یاسایەکی ئاینی.زەواجی شـەرعی لـەباری قانونییـەوە پەسـەند نییە. زەواجی ئافرەتانو پیاوانی کەمتر لە 18 ساڵ قەدەغەیە. چەند ژنە قەدەغەیە، تاوانبارانی ئەم شێوەیە لە زەواج دەبێ بخرێنە بەر لێپرسینەوەو سزادان. لە پەیوەندی تایبەتی نێوان ژنو پیاودا بۆ سەفەرکردن هیچیان بەئەویترەوە نابەسرێتەوە.

هـەر جـۆرە سـزادانو ڵێدانو بێحورمـەتیو بەچـاوی سـووك سـەیری ئافرەتـان کـردن بەهـەر بیانوویـەك بێـت، وەك نـاموس پەرسـتی، دواکـەوتوویی ڕۆشـنبیریو ڕەگەزپەرسـتیو ئـاینی مەحکومـەو تاوانبـارانی ئـەم ڕەوشـتە دەبـێ سـزابدرێن.هـەر جـۆرە جیـاوازیو نایەکسـانییەك لـەنێوان ژنو پیـاودا سـەبارەت بـەمیراتو سەرپەرشـتی منـداڵ کـە بەگوێرەی یاسای کۆن بۆ پیاو بەڕەسمی ناسراوە دەبێ هەڵوەشێتەوە، ژنو پیاو لـە بەرامبـەر منداڵەکانیانـداو تـەواوی داراییو کەرەسەی ناوماڵدا بەیەکسان بەهرەمەندن.

هەر جۆرە نایەکسانییەك لەنێوان ژنو پیاودا لەبابـەت مەسـەلەی تـەڵاق دەبـێ هـەڵگیرێت.ئەو ئافرەتانـەی کـە بـەبێ زەواج کردن دەبنە خاوەنی منداڵ دەبـێ مـافی دایکایـەتییان بـۆ بـەڕەسمی بناسـرێت. پەیوەنـدی تایبـەتی نێـوان ژنو پیاو لەبەرامبەر هەڵبژاردنو هەڵبژێراندا دەبێ مـافی یەکسـانیان هـەبێت. ئافرەتـان لـە شـێوەی جلـو بـەرگ کردنەبـەردا ئازادن، داسەپاندنی جلو بەرگی تایبەتیو سەرپۆش بەسەر ژناندا بەتەواوی قەدەغەیە.

جیاکردنەوەی ژنو پیاو لە ژێر هەر بیانوویەكو لە هەر جێیەك دەبێ قەدەغە بکرێت، هیچ جـۆرە ڕێگـری دروسـت کردنێك بۆ تێکەڵاوبوونی ژنانو پیاوان لـە شـوێنە گشـتییەکاندا نـابێ بمێنـێ. هـەر جـۆرە جیاوازییـەك لـە نێـوان ژنو پیاودا لە ئیشو پەروەردەو فێرکردندا، دەبـێ هـەڵگیرێ، بـۆ فێرکـردنو خوێنـدەواری ئافرەتـان دەبـێ ئیمکانـاتی زیـاتر ئامادە بکرێت، تا ئافرەتان بەشێوەیەکی هەرچی زیاتر لە قۆناغەکانی خوێندندا بەشداری بکەن.

شوێنی بەخێوکردنی منداڵو باخچەی ساوایان لـە هـەموو شـارو لادێکانـدا دەبـێ بـەفراوانی سـازبکرێت. بـۆ ڕزگـار بـوونی ئافرەتـان لـە چـنگ ئیشوکـاری ناومـاڵو منداڵـداری، کۆمـەڵ لەسـەریەتی مەسـئولیەتی مـاڵیو تەندروسـتیو ئابووری تەواوی منداڵان بگرێتە ئەسـتۆ. بـۆ بەربـەرەکانی لەگـەڵ بیروبـاوەڕی دەسـەڵاتداریەتی پیـاوان (پیـاو سـالاری) دەبێ پەروەردەکردنی پیاوان لە پۆلە تایبەتییەکاندا بەڕێوە بچێ. بۆ ئـەم کـارە پێویسـتە هـەموو گـۆڤارو وەسـیلەی ڕاگەیاندنی گشتی بخرێتە گەڕ، بۆ ئافرەتان بـەپێی گـوزەرانو دژوارو دواکـەوتوویی کـارێکی تایبـەتیو زیـاتر بکـرێ، ژنـانی هـەموو کۆمـەڵ دەبـێ لـە ئیمکانیـاتی تەندروسـتی بـەخۆڕایی بەهرەمەنـد بـن. هـەموو جـۆرە کـەلو پـەلی خەستەخانەی تایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵیان ئەبێت بەشێوەی پێشکەوتوو و دکتۆرو دەرمان بە خۆڕاییودەست پێ ڕاگەیشتنی بەردەوامی ژنان لەم بابەتەوە دابین بکرێ.

دەوڵەت لەسەری پێویستە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بوونەتە قوربانی لەش فرۆشـی لـەباری مـاڵیو گوزەرانـەوە ژیانیـان دابین بکاتو ئیمکاناتی پەروەردەکردنو ئیشی شیاویان بۆ دیاری بکا. تاوانبارانو دەڵاڵەکانی ئەم جۆرە کارانە دەبێ بەتوندی سزا بدرێن.

بۆ ئافرەتانی کرێکار: 6 سەعات کارکردن لەڕۆژدا بۆ ژنانی دووگیان، 18 هەفتە ئیجازە (مۆڵـەت) بە مەعاشـەوە بـۆ ئافرەتـان لـەکاتی منـداڵ بوونـدا. هـەقدەسـتی یەکسـان لـە بەرامبـەر کـاری یەکسـاندا بـۆ ژنو پیـاو، مانگانـە دوو ڕۆژ ئیجازە بۆ ژنان لەبەر عادەتی مانگانە، دەبێ دەست بەجێ لە هەموو کارگەو شوێنێکیبەرهەمهێناندا بەڕێوەبچێ. هـەر جۆرە جیاوازییـەك لەسـەر ئەساسـی ژنو پیـاوبوون بـۆ هەڵبـژاردنی ئـیش قەدەغەیـە. ژنـان دەبـێ لـە دیـاریکردنی ئیشێکی موناسـبدا مەجالی تەواو ئیمکاناتی پێویستیان هەبێو بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پەروەردە بکرێنو ژنان دەبـێ بـەکردەوە بـۆ بەشـداری لـەم ئیشـانەدا هـان بـدرێن. کـاری قۆنتـەراتی بـۆ ژنانیش هـەروەك پیاوان قەدەغەیـە. هـەموو ئافرەتانی کرێکار دەبێ لەکارگەو دامەزراوەکاندا بەپێویستییەکانی تەندروستیو تەکنیکی پێشکەوتووەوە کار بکەن. ژنو پیاو دەبێ لە بیمەی دەرمانیو بیمەی پەککەوتەییو بیمەی بێکاریو هەر جۆرە ئیمکاناتێکیتر بەیەکسان کەڵك

وەرگرن. دەبێ ئیمکاناتی تایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە بەشەو ئیش دەکەن ئامادە بکرێت. ژنانی منداڵەبەر لەشەودا نابێ ئیشیان پێبکرێ. ئیشێکی لەبار لەگەڵ وەزعی منداڵەبەری ژنان بەتایبەت ئەو کاتەی منداڵ شیرە خۆرە بێت دەبێ بۆ دایکان دیاری بکرێ. سپاردنی هەر جۆرە ئیشێکی سەختو دژوار کە کار دەکاتە سەر سەلامەتی ژنانو دەرکردنی ژنانی دووگیان لەسەر ئیش لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت قەدەغەیە. ئیش کردنی ژنان دەبێ زەمانەت بکرێ، بە دوای کاتی ئیجازەداو تێپەڕبوونی کاتی بوونی منداڵەکانیان بچنەوە سەر ئیشی پێشووی خۆیان، دەبێ بۆ ژنانی دوو گیان ئیشی سووک دیاری بکرێت. ژن یا پیاوی کرێکار بۆ بەخێوکردنی منداڵە ساواکەیان بۆیان هەیە کە لە ئیجازەی 18 هەفتە بۆ دایك یان باوك بە مەعاشەوە کەڵك وەرگرن. ئەو ژنانەی کە منداڵی شیرە خۆرەیان هەیە لە شوێنی ئیشەکەیان بۆیان هەیە لە ماوەی دوو نیو سەعاتیدا کە شیر دەدەن بە کۆرپەکەیان وەك ماوەی ئیش کردن بۆیان بە حساب بێت. هەر جۆرە جیاوازی‌یەك لە دژی ژنان بۆ بەشداری کردنیان لە ڕێکخراوە سیاسی‌و پیشەیی‌و ڕۆشنبیری‌یەکاندا قەدەغەیە. ژنو پیاو لە بەشداری‌کردنو مافی ئەندامەتی لەم ڕێکخراوانەدا بەتەواوی یەکسانن. پێکهێنانی ڕێکخراوە لە دەوری داخوازی‌یەکانی ژنان ئازادەو مافێکی ڕەوایە، حکومەت لەسەریەتی کە ئەم ڕێکخراوە جەماوەری‌و غەیرە دەوڵەتی‌یانە، جا چ ڕێکخراوی تایبەت بەژنان بێت یان شورای گەڕەکەکان، بە ڕەسمی بناسێت‌و بەناوی دەزگای تەنفیزی‌و چاودێری‌کردن بەسەر داخوازی‌یەکانی تایبەت بە ژنان، بۆ بەسەر ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانیان ئیمکانی‌یەتیان پێبدات.

ئەمە بڕیاری ئێمەی ژنانو پیاوانی کرێکارە. ئێمە هەموو ژنانو پیاوانی کرێکارو زەحمەتکێش‌و هەمووخەڵکی ئازادیخواز بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجانەی سەرەوەو کردنیان بەیاسای کۆمەڵ، بانگەواز دەکەین. یاسای بنەڕەتی کۆمەڵ دەبێ قانونی یەکسانی یەکجاری ژنو پیاو بێت لە هەموو مافێکی قانونی‌داو لە هەموو مەیدانێکی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا.

**بژی یەکسانی ژنو پیاو**

**بژی‌ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری– مارسی 1991**



**یەکێك لەهەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی،**

**ژنێکی چەکدار لەکاتی ڕێپێوانی شوراکاندا لەشاری سلێمانی**